# C.I.A

# حکومەتە نادیارەکەی ئەمەریکا

فەرهاد حەمزە محەمەد

# C.I.A

# حکومەتە نادیارەکەی ئەمەریکا

فەرهاد حەمزە محەمەد

کەرکووک( ٢٠٠٠ )

# پێشەکی

کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە سالی ١٩٤٥ بە خالێکی وەرچەرخانی زور گرنگ دەژمێردرێ لە مێژووی وولاتانی ئەوروپاو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو گەلانی ژێردەستەی جیهان . بە نیسبەت وولاتانی ئەوروپاوە بەتایبەت فەرەنساو بەریتانیا هەرچەندە بە شێك بوون لە لایەنە سەرکەوتووەکەی شەر بەلام دووچاری رۆژگارێکی نوێی زۆر خراپ بوون لە باری ئابووری شێواوو داتەپیوەوە بگرە تا تێکچوونی باری کۆمەلایەتی .

ئەم هەل‌ومەرجە نوێیە بووە مایەی لێك‌ترازانی ناوچە جوگرافی‌یەکانی ژێر دەسەلاتیان‌و لە ئەنجامدا زۆربەی گەلانی ژێر چەپۆکیان ئازادبوون .

بە نیسبەت ئەمەریکاشەوە ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەمیدا کرایەوە . شەر هیچ زیانێکی ئەوتۆی لێنەدابوو ، لەچاو بەریتاناو فەرەنساوە خاوەن ئابووری یەکی ئێجگار بەهێزبوو ، ناوخۆی وولاتەکەش زۆر لە مەیدانی شەرەوە دوور بوو . لە بەر ئەم هۆیانە کە شەر تەواو بوو ئەمەریکا بە سنگ دەرپەراندنەوە هاتە پێشەوەو هیواو ئامانجێکی زۆریشی خستبووە بەرچاوی خۆی ، بە پلەی یەکەم راگرتن‌و بەرپەچ دانەوەی ئەو هێرشە

فیکر ی‌و کۆمونیستی‌یه‌ ی له‌ لایه‌ن یه‌کێتی سوڤێیه‌ته‌وه‌
نه‌کرایه‌ سه‌ر جیهانی سه‌رمایـــه‌داری . بـــه‌ پلـــه‌ی
دووه‌میش ملکه‌چ کردنی وولاتانی ئه‌وروپاو ته‌واوی
وولاتانی جیهان به‌رامبه‌ر به‌خۆی ئه‌ویش له‌ رێگه‌ی
ژماره‌یه‌ك پرۆژه‌ی یارمه‌تی‌دانـــه‌وه‌ وه‌ك ( پـــرۆژه‌ی
مارشاڵو پرۆژه‌ی ترۆمان ) . هه‌رچه‌نده‌ مه‌به‌ســـتی
ئاشکرای ئه‌مه‌ریکا له‌م پـــرۆژانـــه‌دا بـــو دووبـــاره‌
چاك کردنـــه‌وه‌ی وولاتـــه‌ ئـــه‌وروپـــایی یـــه‌کـــان‌و
ده‌ست گرتنی وولاتانی تربوو ، به‌لام مـــه‌بـــه‌ستـه‌
نهێنی یه‌که‌ی بو دزه‌کردنه‌ ناو ئه‌و وولاتانه‌ بوو تـــا
سه‌ره‌نجام بتوانێت کۆنـــترۆڵی بریـــاری سیاســـی‌یان
بکات‌و ده‌ست بخاته‌ ناو سیسته‌می ئابووری‌یانه‌وه‌ .
بێگومان ئه‌م ئامانجه‌ پر فرت‌و فێلاوی‌یانه‌ پیویســـتی
به‌ ده‌زگایه‌کی گه‌وره‌ی سیخوری هه‌یه‌ تا به‌ چـــاکی
هه‌ڵبسێت به‌ ئیشه‌کانی . ئـــه‌وه‌بـــوو ده‌زگایـــه‌کـــی
جاسوسیان دامه‌زراند که‌ له‌نـــاو تـــه‌واوی گه‌لانـــی
جیـــهان بـــه‌ ده‌زگای C.I.A ناســـراوه‌ . C.I.A
کورت‌کراوه‌ی رسته‌ی ( ئـــاژانســـی موخابـــه‌راتـــی
ئه‌مریکی )یه‌ به‌ زمانی ئینگلیزی .
ده‌زگای C.I.A ده‌زگایه‌کی ره‌سمی نیه‌ به‌ڵکو کۆمه‌ڵـــه‌
که‌سان‌و ئاژانسیکی ناجێگیرو شێوه‌ گۆراون .
ره‌گه‌زه‌کانی به‌نـــاو گشـــت ده‌زگاو ئـــاژانســـه‌کـــانی
حکومه‌ت و کۆمپانیاکاندا بلاوبوته‌وه‌ . له‌وانه‌یه‌ کاتێك
لـــه‌ چێشـــتخانه‌ی وولاتێـــكدا داده‌نیشـــی ئـــه‌و

خزمەتکارەی چێشتت بۆ دەهێنێ پیاوێکی موخابەرات بێت . یان ئەو نافرەتەی لە مەیخانەیەکدا خواردنەوەت پێشکەش دەکات ، یان ئەو فەرمانبەرەی لە فرۆکەخانە ڤیزەت بۆ لێدەدات ، یان ئەو یاوەرەی بە دوای لێپرسراوێکی گەورەوەیە ، یان ئەو رۆژنامە نووسەی چاوپێکەوتن لەگەل گەورەپیاوان دەکات .

دەکرێ بووترێ CIA گەورەترین دەزگای جاسوسی‌یە لە گشت جیهاندا . بەحوکمی پەل وپۆکێشانی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا بۆ هەموو سووچێکی ئەم زەمینە ، ئەوا دەزگای C.I.A یش بە هەمان شێوە رەگی خۆی بە تەواوی گۆی زەمیندا بلاو کردۆتەوە تا بەرژەوەندی‌یەکانی حکومەتی ئەمریکا لە فەوتان بپارێزێ . هەر کاتێکیش لە هەر وولاتێ ئەم بەرژەوەندی‌یانە کەوتنە مەترسی‌یەوە ئەوا چزووەکەی خۆی لی‌دەخاتە کارو دەداتە ئەو سەرکردانەوە کە بوونەتە مایەی هەرەشە بۆ ئەمەریکا .

لێرەوە دەتوانین بلێێن لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوو حکومەت هەیە دیارو نادیار . حکومەتی دیار ئەوەیانە کە رۆژانە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە گویمان لە هەوالەکانی دەبێت . بەلام حکومەتی نادیار (C.I.A) ئەو دەزگا بزرو پرپێچو پەنایەیە کە سیاسەتی ئەمەریکا رادەپەرێنی ، نهێنی و

زانیاری له گشت سووچو پـــهنایـــهك كۆدهكاتـــهوه ، كاری جاسوسی ســــاز دهدات ، نـــهخشـــهی نـــهێنی دهكێشێو لـــهســـهر زهوی جێبـــهجـــێی دهكـــات .
حكومهتی نادیار بهبێ گوێدانه كهس زۆر بریـــاری پهیوهندیدار به شهرو ئاشتییهوه دهدات . زۆرجـــار هاو ووڵاتیان وای بۆ دهچن كه سیاسهتی ئاشـــكرای ئهمهریكا به ئاراستهیهكـــــی دیـــاریكراوه كـــهچـــی حكومهتی نادیار به نهێنی له ژێرهوه به ئاراستهیهكی پێچهوانه كار دهكات .
گرنگترین سیفهتو خاسیهتی C.I.A بێوهفـــاییـیـــه بهرامبهر كرێگرتهو ئهڵقهلهگوێكانی . هـــهر كـــاتێك ئیشیان پێی نهماو بـــهكـــاری جێبـــهجـــێ كردنـــی مهرامهكانیان نههـــات ئـــهوا پشـــتی لیئـــهكـــهنو فهرامۆشی دهكهن .
چاكترین نموونه شای ئێرانه . شا ههتا بـــۆی كـــرا خزمهت كاری ئهمریكاو رۆژئـــاوای كـــرد ، خـــۆی كردبووه پۆلیسی سهركهنداوو ووڵاته عهرهبیهكـــانی ناوچهكهی دهترساند . بـــهڵام دوای ئـــهوهی چیـــتر پێویستیان پێی نهما كردیانه گاڵتهچی خهڵكی ئـێرانو ئاودیوی سنووریان كرد كه جارێكی تر به خـهویـــش ئێران نهبینێتهوه .
ههتا یهكێتی سوفیهت مـــابوو C.I.A بـــه بیـــانووی پاراستنی جیهانی ســـــهرمایـــهداری لـــه تـــهوژمـــی شیوعیهت دهستی وهردهدایـــه كاروبـــاری نـــاوخۆی

ولاتان ، بەلام دوای ئەوەی بەرەی شیوعیەت هەرەسی هیناو چووە مۆزەخانەی میژووەوە ببانووی سەیر سەیر دەهینیتەوە تا دزە بکاتە ناو کاروباری دەولەتەکان . هەر کاتیك بەرژەوەندیەکانی وا داخوازی بکات پەلاماری شوینیك بدات، ئەوا دوژمنیك لەو جیگایە بۆ خۆی دروست دەکاتو بە هەرەشەی سەر ئاشتی تاوانباری دەکات .
دەزگای C.I.A دەزگایەکە وەنەبیت سەردەمی بە سەر چووبیتو نەواو بووبیت ، بەلکو ئیستاش هەرماوەو رۆلیکی گرنگو بالا دەگیری لە میژووی سیاسی جیهان ، لە بەر ئەم هۆیە منیش بو خزمەت کردنی کتیبخانەی کوردیو خوێندەواری کورد بوونی بابەتیکی لەم جۆرەم بە پیویست زانی ، بەو هیوایەی توانیبیتم کورتەیەکی بابەتەکەم بە رۆشنبیرانی گەلەمان ئاشنا کردبیت .

فەرهاد حەمزە محەمەد
کەرکوك ٢٧/ئازاری/٢٠٠٠

# له دایك بوونی C.I.A

C.I.A له ۷ی دیسەمبەری ۱۹٤۱ له نێو کـــەلاودو تەپو تۆزو دۆکەڵی نسکۆی (( بیرل هاربر )) لەدایـــك بوو . لەم کارەساتەدا ژاپونی‌یەکان له ناخافڵدا دایـــان بەسەر ئەمەریکایی یەکانداو زیانێکی ئێجگار زۆریـــان لێدان . ئـــەم نســـکۆیه پـــاڵی بـــه ســـەرکـــــردە ئەمەریکایی‌یەکانەوه نا بۆ پێك هێنانی دەزگایـــەك تـــا زانیاری لەسەر دوژمنانیان کۆبکاتەوه .

ئەتوانین بڵێین C.I.A له ئەنجـــامی دوو فاکتـــەری تێك هەڵکێشراو سەری هەڵدا :-

یـــەکـــەمیـــان بـــەرزبوونـــەوەی پایـــەی وولاتـــه یەکگرتووەکان له دوای شەری دووەمی جیهانی بـــۆ ئاستی وولاتە زەبەلاحەکـــانی جیـــهان ، تـــەنانـــەت دەرکـــەوتنـــی وەکـــو ســـەرکـــــردەی وولاتـــه رۆژئاوایی‌یەکان ، له ئەنجامدا لێپرسراوی‌و ئەرکـــی جیهانی زۆری کەوتە سەر .

دووەمیان ئەو بەرەنگاری‌یه توندەی له لایەن یەکێتی سۆفیەتەوه دووچاری بوو . ئەم بەرەنگاری‌یـــه لـــه هەموو بەرەنگاری‌یەکی پێشوو سەختر بوو چونکـــه ستراتیجیەتی سۆفیەتی ببووه هەرەشەیەکـــی گەوره بۆ ئەمەریکا ، بە جۆرێك سۆفیەت تورێکی ســـیخوری

وەهای چنیبووەوە کە بتوانێ زەفەر بە ئەمـــەریکـا بەرێت .
لەبەر ئـــەم دوو هۆیـــە وولاتـــە یـــەکگرتووەکـان دەزگایەکی گەورەی سیخوری دامەزراند تا لـــە ژێـر سێبەری زانیاری‌یە ووردەکانی‌دا بریـــاری سیاسـی بدرێ . ئەوەبوو دەزگاری C.I.A دامەزرێنرا بـەلاَم ئەوکاتە لە شێوەیەکی سادەدا بوو ، تـا وورده وورده پێگەیی و لق‌وپۆپی هاویشت ، لە هەموو روویەکەوە گەشەی کرد تا گەیشتە رۆژگاری ئێستای .
لە ساڵی ١٩٤٩ یاسایەك سـەبـارەت بـە C.I.A دەرچوو ، بە گوێرەی ئـــەم یاسـایە C.I.A مـافی ناشکرا نەکردنی ناوو پلەو پایەی فەرمانبـەرەکـانی خۆی هەیە ، کە ئەمـــەش پێچـــەوانـــەی یاسـاکانی فیدرالّی‌یە .
دیسانەوە بەرێوبەری C.I.A مافی ســەرف کردنـی پارەو پوولی هەیە بەبێ حیساب .
لە ساڵی ١٩٥٣ ئایزنهاوەر بوو بە سەرەك کۆمـار ، ئەمیش (( ئـــەلـــن دالاس ))ی کـــردە یـــەکـــەمیـن بەرێوبەری C.I.A . لـــە ســـەردەمـــی دالاس‌دا گە ورەترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی بە تایبەتـی لە بواری کارە نـــهێنی یـــەکـــان بـــو رووخـانـدنی حکومەتەکان .

دالاس دەلێت : (( یاسای ئاسایشی نەتەوایەتی کە لە سالی ١٩٤٧ دەرچوو دەسەلاتیکی وەها بەهێزی بە موخابەراتی حکومەتەکەمان بەخشی کە موخابەراتی هیچ حکومەتێکی تری جیهان نیانە )).

لە ئەنجامی گەورەیی‌و زۆر نهێنی ئەم دەزگایە زۆر لە کەڵەپیاوان‌و سیاسەتمەداران‌و ئەندامانی کۆنگرس رە خنە ی توندیان لیدە گرت ،یە کیک لە وانە سەرەك کۆماری پیشووی ئەمەریکا(هاری ترومان)ە ، کە ئە م دە زگایە ی بەوە تاوابنار دە کرد کە دەست دە خاتە کاروباری زۆر وولاتەوە بۆ ئەوەی پرس بە سە رە ك کۆمار بکری .

ناوی فە رمانبەران و چالاکی‌و بودجەی ئەم دەزگایە بزرەو کەس پێی نازانێت . کۆنگرس بریاری سەرف کردنی پارە دەدات بۆئەوەی بزانێت CIA لە کوێی سەرف دەکات .

وا لێرەدا لە ژمارەیەك چالاکی CIA دەدوێین، کە لە هەندێکیاندا سەرکەوتوو بوونەو گەیشتوونەتە مەرامی خۆیان ، لە هەندێکی تریاندا شکستیان خواردووەو بووەتە پەڵەی رەشی مێژوو بە ناوچەوانیاندا.

# بابەتی یەکەم

## پرۆسەی کەنداوی بەرازەکان
## (عملية خليج الخنازير)

لە تەمموزی ساڵی ١٩٥٩ فیدیـــل کاســترۆ توانـــی دوای‌شۆڕشێکی کورت خایەن سیستەمی کۆمۆنیســتی لە کوبا بەرپا بکات .
بوونی حکومـــەتێکـــی کۆمۆنیســـتی لـــە کیشـــوەری ئەمەریکا ببووە مایەی نیــگەرانیـــەکـــی گەورە بـــۆ حکومەتی ئەمەریکا ، هەر بۆیە هـــەمـــوو هـــەوڵو کوششێکی خۆیان خستە گەڕ بـــۆ ســـەرەو نخـــوون کردنی حکومەتەکەی کاسترۆ . پیلانی یەك لە دوای‌یە کیان ساز دەکرد کە بە ناوبانگ ترینیان ( پرۆســـەی کەنداوی بەرازەکان ) ە .

### خۆسازدان بۆ پەلاماردان

لە سەرەتادا ئەمریکا بە مەبەستی هـــەڵتـــەکـــاندنی حکومەتەکەی کاسترۆ وویستی لە ڕێـگەی کوبی‌یـــە هەڵاتووەکانی دەست کاسترۆ ، لە چەند ناوچەیەکـــی جیاوازی کوبا شەڕی پارتیزانی بنەنەوە ، تـــا ووردە ووردە کەسانێکی زۆری خەڵکی کوبا پـــەیوەندی‌یـــان

پیوّه نه‌که‌ن .له نه‌نجامدا ده‌بێتـــه شوّرشـێكی گه‌ورده‌و ده‌سه‌لاتی كاستروّ ژێره‌وژوور نه‌كات .
له مانگی نوّكتوبه‌ری ١٩٦٠ هێزیكی ٤٠٠ كه‌ســـی توّكمه‌و راهاتوو لـــه‌ســـه‌ر شـــه‌ری پـــارتیزانی لـــه كه‌ناره‌كانی كوبا دابه‌زین ، تا ببنه چـــاوگه‌یـــه‌كـــی شه‌ری پارتیزانی له كوبـــا ، لـــه‌ولاشـــه‌وه C.I.A به فروّكه چه‌ك‌و نازووقه‌یان بو داده‌به‌زێنی .
به‌لاّم وایێ‌ی ده‌چوو كاستروّ له‌وان ووریاتر بووبـێ ، چونكه هه‌ر به زانینی هه‌واڵه‌كه یه‌كســـه‌ر هـێزیكی گـه‌وره‌ی له چیاكان دابه‌زاندو ناوچه‌كه‌ی نابلووقـــه‌دا تا نه‌هێڵێ هیچ یارمه‌تی‌یه‌كی خواردن‌و چه‌ك بگاتـــه ده‌ست پارتیزانه‌كان . به‌م جوّره توانی له ماوه‌یه‌كـــی كورت‌دا ته‌فرو تونایان بكات‌و جێ‌یێ‌یان بسووتێنی .
له‌مه به‌دوا ئیـــتر C.I.A بـــه تـــه‌واوی وازی لـــه بیروّكه‌ی دروستكردنی به‌رگری‌یه‌كی نهێنی له نـــاو كوبادا هێنا ، ئه‌وسا هاته سه‌ر بیروّكه‌ی داگیركردن .

## پلانی داگیركردن

له كوّتـــایی ئایـــاری ١٩٦٠ C.I.A هـــه‌ڵســـا بـــه یـــه‌كخســـتنی پێنـــج گروپـــی جیـــاوازی كوبی‌یـــه هه‌لاتووه‌كان له (( به‌ره‌یه‌كـــی شوّرشـــگێری )) دا .

هەر خۆشیان پارەو پوولێکی زۆریان لیسەرفکردن تا گەشە بکەنو پێبگەن .
بەلام C.I.A پێویستی بە شوێنێکی لاچەپی وەها بوو تا مەشقی سەربازی لیبکەن . بۆ ئەم مەبەستە دوو پیاوی گەورەی C.I.A روویان لە یەکێك لە ملیۆنێرە دەولەمەندەکانی گواتیمالا بە ناوی (( ئەلیگوس ))ەوە کرد . ناوبراو خاوەن چەندین کێڵگەی گەورەی قاوەیەو دلسۆزترین هاوڕێی سەرەك کۆماری گواتیمالا ((یدیگۆراس))ە . ئەم دوو پیاوەی C.I.A داوایان لە ((ئەلیگۆس)) کرد کە پەیوەندی بە سەرەككۆمارەوە بکات تا دانیشتنێکی نهێنی لەگەڵ سازبدەن . ئەویش لە رێگەی خۆیەوە داواکارییەکەی خستە بەردەم یدیگوراسی سەرەك کومار . ناوبراو پاش رەزامەندی دەربرین کۆبوونەوەکەی لەگەلیان سازدا . یدیگۆراس هەرچەندە زۆر نارەزووی بە لای ئەمەریکادا نەئەرۆی ، بەلآم لە بەر ئەوەی دوژمنی سەر سەختی کۆمۆنیستەکان بوو داواکەیانی قبوول کرد.
پاش چاوگێڕانێکی وورد سەرنجیان لەسەر یەکێك لە کێڵگەکانی ئەلیگۆس وەستا تا بیکەن بە مەیدانی مەشق بو کوبییە هەلاتووەکان . شوێنەکە هەتا بلێی دوور لە چاوی خەلکیو لە دامێنی ناوچەیەکی

بورکاناوی‌دا بوو . ناوچەکەش ناوی (( هلفسسیا ))بوو .
جگە لەمە دوو مەڵبەندی تری مەشق‌کردن کرانەوە بو راهێنان لەسەر نیشتنەوەی پەرەشووت‌و هەڵسلن بە مانۆری فراوان‌و چونیەتی دابەزین لەسەر کەناری دەریاکان .
لە مانگی ئابی ١٩٦٠ فرۆکەخانەیەکیان بو کوبی‌یە هەڵاتووەکان دروست کرد . لەو کاتەی یدیگۆراسی سەرەك کۆمار بە یاوەری کۆمەڵە دبلۆماسی‌یەکی بیگانە سەردانی شوێنەکەیان کرد وای پی‌راگە یاندن گوایە فرۆکەخانەکە بو مەبەستی ناردنە دەرەوەی میوەی لە قوتوونراو ( الفواکه المعلبة ) دروست کراوە .
بواری پروپاگەندەو راگەیاندن بوارێکی زۆر گرنگە C.I.A فەرامۆشی نەکردبوو ، ئەوەبوو کابرایەکی ئەمەریکی پسپۆر لە پەیوەندی‌یە گشتی‌یەکان بە ناوی (( لیم جۆنز )) بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرا .
دوا بە دوای خۆشکردنی زەمینەی پرۆسەکە ئیتر لەوە بە دواوە پۆل پۆل کوبی‌یە هەڵاتووەکانیان دەنارد بۆ مەشق کردن لەسەر گشت جۆرە چەکێکی زەمینی‌و ئاسمانی‌و دەریایی تا ئەو کاتەی سەعاتی سفر دێ‌و فەرمانی جێبەجێ کردنی پرۆسەی داگیرکردنی کوبا دەدرێ .

ئەوەی جێگەی باسە بیرۆکەی پرۆسەی داگیرکـــردن لە سەردەمی حوکمی (( ئایزنهاوەر )) دەستی پێکـرد ، بەڵام نەگەیشتە سەر وەختی هێرش بردن ئەوەبـوو ئیتر ماوەی فەرمانڕەوایییەکەی تەواو بوو و جـۆن کەنەدی بۆ سەرەك کۆماری هەڵبژێردرا .
جۆن کەنەدی لە ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ واتە دوای دە ڕۆژ لە سەرکەوتنی لە هەڵبـــژاردن بـــانگی بەڕێوبەری C.I.A ئەلن دالاس و سەرپەرشـتیکەری پرۆسەکە (( بیسیل ))ی کرد تا بزانــــێ پرۆســـەکـــە گەیشتۆتە چ ئاستێك .
ئیتر لەوە بەدوا ئەو پەردە نهێنییەی C.I.A بەسەر ( پرۆسەی کوبی )دا دایدابوو لەتو پەت بوو . هـــەر لێپرسراو بوو لە واشنتۆنەوە لێدوانــــی درۆی دەدا .
لنکۆلن هوایت ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەیووت :- (( ئەو هەواڵــــەی لـــە بـــارەی بوونـــی بنکەیەکی دیاری کراوەوە بڵاوکراوەتەوە ، من هیـــچ شتێکی لەبارەیەوە نازانم )) .
لە کانوونی دووەمی ١٩٦١ جۆن کەنەدی دەسەڵاتـــی گرتە دەست . ئەم کابرایە شارەزاییەکی تەواوی لـــە پرۆسەکە نەبوو ، زیاتر متمانـــەی کردبـــووە ســـەر زانیارییەکانی C.I.A و دەستەی ئەرکانی هاوبەشی جەنگ . کەنەدی تەنها جەختی لەسەر ئەوە دەکـــرد کە نابێت هیچ جۆرە هێزیکی ئەمەریکی بـــەشـــداری

ئاشكراى پرۆسەكە بكەن و جۆپەنجەيان ديـــاربێت .
فەرمانيش درا نابێت هيچ راوێژكارێكى C.I.A نـلوى راستەقينەى خۆى بەكاربهێنى .
ئا لـــەم كاتــەدا لــە ســـەرەتـــاى شـــوباتى ١٩٦١ يديگۆراسى سەرۆكى گواتيمالا نامەيەكى بۆ ســـەرۆك كەنەدى نارد تێيدا داواى لێكـــرد هـــەتـــا ئـــەكـرێ بەزوويى پرۆسەى داگيركردن دەست پێبكات چونكـــە نۆردوگاكـــانى مـــەشـــق زۆر چـــرو قـــەرەبـــالغن ، سەربازەكانيش سازو ئامادەن بۆ جەنگ .
تا دەهات فشارى سەر كـــەنـــەدى زيـــاتر دەبـــوو ، لەولاشەوە C.I.A لە پشتى پەردەوە لـــە مقۆمقـــۆو ناكۆكى دابوون لەگەڵ دەستەى ئەركانى جەنگە لـــە سەر ئەو جێگەيەى پێوستە پرۆسەكەى لێوە دەســـت پێبكات .
لەگەڵ نزيك بوونەوەى سەعاتى سفر پێويست بـــوو كارێكى وەها بكرێ كە ناكۆكىو دووبەرەكى نەكەوێتە نێو ريزى كوبىيە هەڵاتووەكانەوە . بۆ ئەم مەبەستە لە ٢٢ى ئازارى ١٩٦١ پێكهاتنى (( ئەبخوومەنـــى شۆرشگێرى كوبا )) ئاشكرا كرا .
وەزارەتى دەرەوەى ئەمەريكاش بۆ خـــۆش كردنـــى زەمينەى داگيركردنـــەكـــە لـــە ٢ى نيســـانى ١٩٦١ كتێبێكى لەسەر كوبا دەركـــرد ، تێيـــدا كوبـــاى بـــە مەترسىيەكى هەميشەيى داوەتە قەڵەم .

زۆربەی گەلانی ئەمەریکا نەیان دەزانی مەبەست لە دەرکردنی ئەو کتێبە لەو ساتو وەختەدا بۆ خۆشەکردنی رای گشتی ناوەوەو دەرەوەیە بۆ پرۆسەکە .
لە ٤ی نیسانی ۱۹٦۱ سەرۆك کەنەدی کۆبوونەوەیەکی بە گەورە راوێژکارانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکی کرد . رای گشتیانی وەرگرتو پرسیاری لێکردن . تاقە کەسێك کە دژی پرۆسەکە بوو (( ولیەم فۆلبرایت ))ی سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندی‌یەکانی دەرەوە لە ئەنجوومەنی پیران بوو . فۆلبرایت کابرایەکی دوور بین بوو ، بۆچوونەکانیشی لە جێگەی خۆیدا بوون .
لە یاداشتەکانیدا دەڵێت :- (( پێویستە بایەخ بە سروشتو پێکهاتەی ئەو حکومەتەی شوێنی کاسترۆ دەگرێتەوە بدرێت ... بەرەی شۆرشگێری کوبی خاوەنی سەرکردایەتی‌یەکی وەها بەهێز نیە بتوانێت حکومەتی نازادو پتەو پێکبهێنی )) .
لە کۆبوونەوەی دەستەی ئەرکانی جەنگ هەموو لەسەر ئەوە کۆك بوون کە (( کەنداوی بەرازەکان )) بکرێ بە خاڵی یەکەمی داگیرکردن .
لە ۱۰ ی نیسانیش سەرۆك کەنەدی رەزامەندی لە سەر دەربری . بەڵام بۆچی شوێنێکی وەك کەنداوی بەرازەکان کرا بە سەرەتای دەست پێ کردنی پرۆسەکە ؟ بە بروای ئەمەریکایی یەکان ئەم شوێنە

هیچ مەدەنی یەکی لێ ناژێت ، ئەگەر فڕۆکەکان تەقەش بکەن ئەوا کەس بەرناکەوێت و کاردانەوەی جیهانی لەسەر نابێت . هەروەها لەم ناوچەیە بەرگری یەکی وای لی ناکرێ شایانی باس بێت .
CIA لەو باوەڕەدا بوو هەر لەگەڵ دابەزینی هێز لە ناوچەکە خەڵکی کوباەست دەکەن بە یاخی بوون لە حوکمی کاسترۆو پەیوەندی بەمانەوە دەکەن .
بە گوێرەی پلانەکە دەبوایە جێ‌پێ‌یەکی پتەو لەسەر کەنارەکان بکرێتەوە ، پاشان فڕۆکەخانەی کەنداوی بەرازەکان بەکاربهێنری بۆ لێدانی هێڵەکانی گەیاندن و دامەزراوە بایەخ دارەکان .پاش ئەمە ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕی کوبا دەست دەکات بە دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ لەو ناوچەیە ، ئەمریکاش لە شوێن خۆیەوە یەکسەر دانیان پێدا دەبێت .
بە بڕوایی CIA ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتە سەر ئەوا داگیرکردنی کوبا کارێکی ئاسان دەبێت .
لە ١٢ ی نیسان سەرۆك کەنەدی لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەگەریدا بە ئاشکرا رایگەیاند کە هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا کوبا داگیر ناکەن .
دوای ئەوەی CIA زانی هێزی فڕۆکەوانی کوبییە هەڵاتووەکان تەواو سازو ئامادەن فەرمانیان پێدرا بەرەو نیگاراگوا بکەونەرێ . لەوێ شوێنێکیان بۆ

تەرخان کرا کە ناویان لێنابوو (( شیوی ئاسـوودە ))
تا لەویێوە بەرەو نیشانە دیاری کراوەکانیان هەڵفرن .
هەر لە سەرەتاوە بەرێوبردنی پرۆسەکە خرایە سـەر
شانی(( ریتشارد بیسل )) کە لە بارەگا نهێنیەکەیـەوە
لە واشنتۆن بە تەلەکس پەیوەنـدی بـە مـەیدانـی
جەنگەوە دەکرد .
کاتژمێر شەشی سەر لە بەیانی روژی ١٥ی نیسـانی
١٩٦١ پرۆسەی کەنداوی بەرازەکان دەستی پێکرد .
ئەوەی جێگەی سەرنجە حکومەتی ئەمەریکـاو CIA
بۆ ئەوەی تۆمەتی کارەکە لەسەر خۆیان لابـەرن و
دەسـتی چـەوری خۆیـان بسـرنەوە ، لـە رۆژی
کارەساتەکە (( دالاس ))ی بەرێوبـەریCIA رووی
لە پۆرتۆریکۆ کرد تا رێبزرکی لە خـەڵـك بکـات ،
سەرۆکی ئەمریکیش جۆن کەنـەدی بـۆ پشـوودان
چووە وولایەتی فرجینیا .
ئا بەم شێوەیە مەزنترین پرۆسەی نهێنی لە مێژووی
ئەمەریکا دەستی پێکرد نە سەرۆکی ئەمریکـیو نـە
بەرێوبەری CIA لە واشنتۆن نەبوون .
لەگەڵ دەست پێکردنی پەلاماردان فرۆکەوانە کوبی‌یە
هەلاتووەکان لە چـەنـد لاوە پـەلامـاری تونـدی
فرۆکەخانەو ئیستـگەو دامـەزراوە گشـتی‌یەکـانی
کوبایان دا ، بەلام فرۆکە شکێنەکانی کوبـا بـەرگری
یەکی سەختیان کردو توانی‌یان هەر لە سـەرەتـاوە

پلانەکەیان پووچەڵ بکەنەوەو فرۆکەکانیان بخەنە خوارەوە یان پەکیان بخەن .
هەر ئەو رۆژە حکومەتی کوبا لە بەیاننامەیەکدا حکومەتی ئەمەریکای بە ئەخشەکێشەری پلانەکە تاوانبار کرد . حکومەتی ئەمەریکاش لەلای خۆیەوە رووداوەکەی بە جۆریکی تر هۆنیەوە ، وای لە قەڵەم دا گوایە رووداوەکە بریتییە لە یاخیبوونی چەند ئەفسەریکی فرۆکەوانی کوبی .
سەرۆك کەنەدی گەیشتە ئەو باوەرو قەناعەتەی کە کارە رێ بزرکێکانی CIA زور چەوت و ناتەواو بوون . لەم دیدو بۆچوونەوە لە بەرەبەیانی رۆژی ١٦ی نیسان وانە لە رۆژی دووەمی بۆردومانەکە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە (( ریتشارد بیسل )) ەوە کردو داوای وەستاندی بۆردومانی لێکرد . ئەم بریارەی سەرۆك کەنەدی بووە مایەی بێزاری و نارەزایی بەرێوبەری CIA و ژمارەیەك گەورە لێپرسراوی تر ، هەرچەندە تەقەللای پاشگەزبوونەوەیان لێکرد کەچی بێسوود بوو . بریارەکە لە هەمان کاتدا هەڵویستی پەلاماردەرانی لە نیگاراگوا شپرزە کردو تووشی دڵەراوکێی کردن .
پاش سەرنەکەوتنی هێرشی ئاسمانی ، لە نیوە شەوی ١٦ی نیسان هێرشی دەریایی دەستی پیکرد .

فەرمانیش بە فرۆ کەوانەکـــان درا کـــە نـــەرکیـــان تەنها پاراستنی هێزە دەریایی یەکەیە .
CIA بە تەلەفۆن پەیوەندی بە (( لیـــم جۆنـــز )) ی لێپرسراوی راگەیاندنی پرۆسەکەوە کرد تا مژدەی هەواڵی هێرش بردنەکەی پێ رابگەیەنێ. ئـــەویـــش لەلای خۆیەوە بەیاننامەیەکی بە ناوی ئەنجوومەنـــی شۆرشگێری کوباوە دەرکردو بە ئاژانسەکانی دەنـــگ و باس دا بلاوی کردەوە .
ئەوەی عەنتیکەو سەیرە هەموو ئەندامە بەرزەکـــانی ئەنجوومەنی ناوبراو لە ئوتێلێکدا وەك دەست بەســـەر وابوون ، ئەوانیش وەکو خەڵکی بەهوی رادیۆوە بـــە هەواڵەکەیان زانی .

<u>ئیستگەی رادیۆی ( سوان )</u>

سوان دورگەیەکی چوڵ و هوڵی دەریای کاریبیـــە . بۆ خۆش کردنی زەمینەی پەلامـــاردانی کوبـــا CIA هەڵسا بە دانانی ئیستگەیەکی رادیۆ لەم دورگەیـــە . لەساڵی ١٩٦٠ بەدواوە ئەم ئیستگەیە دەستی کرد بـــە پەخش کردنی بەرنامەکـــانی ، هـــەروەهـــا نـــاردنی بروسکەی نهێنی بۆ لایەنگرانیان لە ناوەوەی کوبـــا ، پاشان بانگەواز بو گـەلی کوبا و هێزە چەکدارەکـــانی کوبا تا دژی حوکمی کاسترۆ دەست بدەنە شـــۆرش . ئەم ئیستگەیە هانی خەڵکی کوبای ئەدا ئاگر بەربدەنە

کێڵگەکانی چەوەندەر ، کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن، تەلەکانی تەلەفۆن بپچڕێنن تا گەیاندن تووشی شێرزەیی ببێت . لە هەمووی سەیرتر بە گەلی کوبای ئەوت هەتا بۆتان ئەکرێ شوشەی پەنجەرەو دەرگاکان بشکێنن چونکە پلانی CIA دەیوویست قەیرانی شووشە دروست بکات .

لەو کاتەی هێزی کوبییە هەڵاتووەکان هێرشیان دەبردە سەر (( کەنداوی بەرازەکان )) ، رادیۆی سوان بروسکەی بو هێزی دەریاییو خەڵکی کوبا دەنارد . لە یەکەمین بەیاننامەیدا هاتووە :-

(( هێزەکانی سەر بەئەنجوومەنی شۆرشگێری شۆرشێکی بەرفراوانیان لە دورگەی کوبا بەرپا کردووە ، ئەو میلیشیایانەی جێمتمانەی کاسترۆن ترسو لەرز باڵی بەسەردا کێشاون ، لە هەر جێگەیەکدا لایەنگرانی کاسترۆتان بینی پەلاماریان بدەن . گوێ لە رادیۆکەمان بگرن بۆ وەرگرتنی ئەو رێنوێنییانەی کە پێویستە جێبەجێی بکەن ...بڕۆن بەرەو سەرکەوتن ئەی کوبییەکان )) .

---

هێزی هێرشبەر لە سەرەتادا توانیان جێپێی خۆیان لە چەند خاڵێکدا بکەنەوەو داگیری بکەن بەلام کاسترۆ هەر بە زانینی هەواڵەکە نیتر هەرچی پێویست بوو بۆ

بەرگری‌کردن کردی وتوانی لەگەڵ هەوەڵ چرکەی بەرخودان‌دا تارمایی دۆرانیان پێ‌پیشان بدات .
لە رۆژی ١٧ی نیسان ژمارەیەك فرۆکە بە مەبەستی پاراستنی هێزی هێرش‌بەر رووەو کەنداوی بەرازەکان هەڵفرین . سەرەنجام بەهۆی بەرگری هێزی بەرامبەرەوە هەشت فرۆکەوان کوژران‌و شەش فرۆکەش خرایە خوارەوە .
لە واشنتۆنیش هەر لێپرسراوێك بە جیا بۆ رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن دەدوا . ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکی ووتی : (( وەزارەتی دەرەوە هیچ شتێك لەبارەی پەلاماردانەکەوە نازانێ )) .
پنتاگۆنیش ئاشکرای کرد کە هەر نەیزانیوە پەلاماردان روویداوە . سکرتێری رۆژنامەوانی کۆشکی سپیش ووتی : (( ئەوەی لەبارەی کوباوەوە دەیزانین ئەوەیە کە ئاژانسەکانی هەواڵ بلاوی دەکەنەوە ))
لەم لاشەوە خرۆشوفی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت یاداشتێکی پر لەهەرەشەو گورەشەی پێشکەش بە جۆن کەنەدی کرد ، پێی راگەیاند ئەگەر ئەمەریکا واز لەم دەستتێوەردانە نەهێنی ئەوا یەکێتی سۆفیتەت پشتیوانی لە کاسترۆ دەکات .
ئەلن دالاسی بەرێوەبەری CIA کە رۆژێك پێش پەلاماردانەکە رووەو پۆرتۆریکۆ ملی‌نابوو بە پەلەو هەڵەداوان گەرایەوە بۆ واشنتۆن ، بینی وەزعەکە

شلۆقه ، تەنها له ماوەی ٤٨ سەعاتی هێرش بردنی ئاسمانیدا ده فرۆکەوان کوژراون .
لەو ساته سەختانەی که شەر له نێوان تانکەکانی کاسترۆو هێزی پەلاماردەردا لەو پەری گەرمیدا بوو نیستگەی ( سوان ) بانگەواز لەدوای بانگەوازی بو خەڵکی کوبا دەنارد ، داوای راپەرینی لێ نەکردن ، نەوەتا له یەکێك له بانگەوازەکاندا دەیووت :-
(( نەی خەڵکی هافانا .. گوێ بگرن نەی خەڵکی هافانا ... یارمەتی سەربازه نەبەردەکانی سوپای ئازادیخواز بدەن .... نەبێ نەمرۆ تەزووی کارەبا لەو کارگانه ببرن که بەردەوام بوونی حکومەت زامن نەکات . پێویسته لەسەرتان له کاتژمێر حەوت و چل و پێنج دەقیقەی نەم بەیانیەدا ، له کاتی پەخش کردنی رێنوێنی یەکاندا هەرچی گلۆپی ماڵەکانتان هەیه دایگیرسێنن ، هەرچی دەزگای کارەبایی هەیه ئیشی پێبکەن ... فشار بخەنه سەر ئیستگەی بەرهەم هێنانی کارەبا ... بەلام نەی خەڵکی هافانا دوو دڵ مەبن هێزەکانی ئازادنی خواز ئیستگەتان بۆ دابین دەکات و به پەله ماتۆرەکانی دەخاتەوەگەر )).
له هوڵی نەتەوه یەکگرتووەکانیش مشتومر له نێوان یەکێتی سوفیەت و نەمەریکا بەردەوام بوو . نەلیگۆسی ملیۆنێری گواتیمالایی و هاورێی گیانی بەگیانی سەرەك کۆمار هاته زمان و نەو تومەتانەی

ڕەت کردەوە گوایە هێزی کوبیە هەڵاتووەکان لە گواتیمالا مەشقیان کردبێت .
لە کۆشکی سپیش سەرەك کەنەدی ئاهەنگێکی خواردن خواردنەوەی بۆ ئەندامانی کۆنگرس و خێزانەکانیان کە هەزار کەس دەبوون ساز دابوو.
لە سەعات دەو چارەکی شەو سەرەك کەنەدی و خێزانەکەی هاتنە ناو حەشاماتەکەوە . ئیتر لەوە بەدوا ئاهەنگی مۆسیقاو سەماکردن دەستی پێکرد، پاشان خواردن پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. سەرەك کەنەدی بزەو خەندە لەسەر لێوی نەئەبرا تا وا خۆی پیشان بدات کە مێشکی سەرقاڵی هیچ شتێك نیە .
بەڵام نزیك دوانزەی شەو ئەوکاتەی سەرەك کەنەدی هێشتا بە جلی خەوەوە بوو کۆبوونەوە یەکی بە گەورە راوێژکارە سەربازی و مەدەنی یەکان و پیاوانی CIA کرد . لەم کۆبوونەوەیەدا هەموو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی پەلامارەکەیان روو لە شکستیە . ئیتر سەریان نایە سەریەکەوە تا چی بکەن بو دەرباز بوونیان لەم قوراوە .
( بیسل ) ی سەرپەرشتیکەری پەلامارەکە زۆری لە ئامادەبووان کرد تا فرۆکەی ئەمەریکی بەشداری تەواوی جەنگەکە بکات بو رزگارکردنی پرۆسەکە لە شکست هێنان چونکە فرۆکەوانە کوبیەکان تەواو ماندوو و شەکەت بوونە .

سەرەنجام بریاردرا چوار فرۆکەوانی ئەمریکی بەشداری پەلامارەکە بکەن . بەڵام ئەوەی روویدا پێچەوانەی خواست و ئارەزووی CIA بوو،چونکە بەهۆی ئەو هەڵەیەی لە تەوقیتی هەڵفرین روویدا هەر چوار فرۆکەوانە ئەمریکی یەکەش خرانە خوارەوەو سەریان تێدا چوو .
پاش ئەم شکستە کتوپرەی ئەمریکی‌یەکان نوشستیان داوا لەکوبی‌یەکان کرا ئنجا نۆرەی ئەوانە هەڵفرن ، بەڵام کوبی‌یەکان لەم بریارە یاخی‌بوون‌و هەڵفرین رووەو ( کەنداوی بەرازەکان)یان بە کاری خۆکوشتن دەزانی .
لە سەعات پێنج‌و نیوی روژی ١٩ی نیسان لەو کاتەی هێزەکانی کاسترۆ سەرگەرمی پاکسازی ناوچەی ( کەنداوی بەرازەکان ) بوون زەنگی کۆتایی هاتنی پرۆسەی پەلاماردان لێدرا .
لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦١ واتە سێ رۆژ دوای تەواوبوونی پرۆسەکە ، لەوکاتەی هێزی پەلاماردەر تا ناوقەدیان نقومی زۆنگاوو چڵکاوەکانی کەنداوی بەرازەکان بوون ، رادیۆی سوان بروسکەی سەیرو سەمەرەی بۆ چەند فەوجێکی سەربازی کە هەر بوونیان نەبوو پەخش دەکرد ، داوای لێ‌ئەکردن خۆیان نەدەنە دەستەوە ، هێز لە رێگەدایە بۆ پشتیوانیان ! .

## رۆژانی پاش شکست

شکست هێنانی پرۆسەی پەلاماردان سەرەك کەنەدی بە تەواوی نیگەران کردبوو . کۆماری یەکان ( الجمهوريون ) توانجی زۆریان لیدەگرت . خۆی بە بەرپرسیاری تەواوی نسکۆکە ئەزانی ، بەلاّم ئوبالی کارەکەی خستبووە سەر پیاوانی CIA کە زانیاری ناتەواوو ناکاملیان پێبەخشیبوو . لەم روانگەیەوە وویستی بە تەواوی جلەوی CIA بخاتە ژێر دەست خۆیەوەو لغاویان بکات . ئەوەبوو ئەلن دالاسی بەرێوبەری CIA ناچار کرد دەست بکێشێتەوە . ( ریتشارد بیسل ) یشی دوورخستەوە . ئنجا مایەوە سەرئەوەی کێ بکەن بە بەرێوبەر ؟ . زۆر کەس بۆ ئەم پۆستە دەست نیشان کرا بەلاّم جۆن کەنەدی خۆی یەکێکی لە کۆماری یەکان هەلبژارد بە ناوی ( جۆن ماکون ) .

هەموو رەخنەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە سەرەك کەنەدی نەیتوانی سەرپۆشیکی ئاسمانی (غطاء جوی) بۆ هێزی دەریایی دروست بکات ، تا ئەو کاتەی فرۆکەکانی کاسترۆ توانیان کەشتی پەلاماردەران بە سەربازو ئازووقەو چەکەوە نقووم بکەن . رۆبەرت کەنەدی برای جۆن کەنەدی کە ئەوساکە وەزیری داد بوو پاش تێپەربوونی دوو سالّ بەسەر پرۆسەکە ووتبووی :- (( ناکرێ بووترێ

تاقە فاکتەرێك بووە هۆی سەرنەکەوتنی پەلامارەکـــە بەڵکو چەند هەڵەیەکی گەورە لـــە ئـــارادا بـــوون . پلانەکەش خۆی لە خۆیدا نـــابووتو خـــراپ بـــوو ، سەرکەوتنیش هێندە ئاسان نەبوو )) .

## چۆن دیلەکان ئازاد کران ؟

پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەی پەلاماردان ژمارەی ئـەو دیلانەی کەوتنە لای حکومەتەکەی کاســـترۆ ١١١٣ دیل بوون . بوونی ئەم ژمارە زۆرەی دیل حکومەتـــی ئەمەریکای زۆر پـــەرێشـــان کردبـــوو . لـــە رووی سیاسی‌یەوە کارێکی لەنگ و ناشرین بوو ، لە رووی مرۆڤایەتیشەوە ئۆباڵی بەندبوونی ئەم ژمارەیـــە بـــە ئەستۆی ئەمانەوە بوو . لەبەر ئـــەم هۆیانـــە دوای بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکـــی زۆر پـــارێزەرێکیـــان راسپارد تا بە هەر نرخێك بێت هەڵبسێت بـــە کـــاری ئازاد کردنی ئەم دیلانە ئەویش پـــارێزەر ( جیمـــس دونۆفان ) بوو .

ناوبراو هەڵسا بە پەیوەندی کردن بـــە کاســـترۆوە ، پاشان هاتوچۆکردن لە نێوان هافاناو واشـــنتۆن تـــا سەرەنجام لەسەر ئەوە رێککـــەوتـــن ، بـــەرامبـــەر بەرەڵلا کردنی دیلەکان پێویستە لەسەر حکومـــەتـــی ئەمەریکی برێکی زۆر داوو دەرمان و خواردنی منـــاڵ رەوانەی کوبا بکات .

له ٢٣ ی دیسه‌مبه‌ری ١٩٦٢ یه‌که‌م که‌شتی پـــر لـــه ده‌رمان رووه‌و کوبا ده‌ریای بری ، له‌وێش کاســـترۆ خۆی له‌پێشوازی‌یاندا بوو . حکومه‌تی کوبـــاش لـــه جه‌ژنی سه‌ری ساڵی ١٩٦٣ دوا دیلی به‌ره‌ڵلا کرد .

## بابەتی دووەم

# CIAو رووخاندنی حکومەتی سلفادۆر ئەلێندی لە شیلی

شیلی یەکێکە لـــە وولاتـــانی ئـــەمریکـــای لاتیـــن ، پایتەختەکەی ( سانتیاگۆ )یە ، زمانی ئیسپانی زمـــانی دەولەتە ، زۆربەیان مەسیحی کاسۆلیکن .

بناغەی ئابووری وولاتەکە لەسەر ناردنـــە دەرەوەی مس بەندە .

هەر لە سالی ١٩٣٨ بەدواوە دەستوورو یاســـا لـــە وولات چەسپاو پەرلەمان بووە گەورەترین دەســەلات . سەرەك کۆماریش بە دەنگ دان هەلئەبژێردریێ .

## هەلبژاردنی سلفادۆرئەلێندی بەسەرەك کۆمار

بە گوێرەی بریاری پەرلەمان رۆژی ٤ی ئـــەیلولـــی ١٩٧٠ بە رۆژی هەلبژاردن دیاری کرا .

پێش ئەم مێژووە CIAو راستڕەوەکانی شیلی پارەو مالێکی زۆریان بۆ کرینی دەنگەکان خـــەرج کـــرد .

هەرەشەو گورەشەو چاوسوور کردنەوەی زۆریـــان گرتەبەر تا نەهێلن ســـلفادۆر ئـــەلێـــندی نوێنـــەری (( یەکێتی میللی )) پۆستی سەرەك کۆماری بگرێتـــە

دەست . بەلاّم ئەوەی رووی‌دا پێچەوانـــەی خواســـتی ئەمەریکا بوو ، ئەنجامی ریفراندۆمەکـــە (اســـتفتاء) بەلای حیزبەکەی سلفادۆر ئەلێندی داشکایەوە .
ئەلێندی هەر لەگەڵ دەسەلاّت گرتنە دەست‌دا کـەش‌و هەوایەکی سیاسی نوێی بە دیاری بۆ شیلی هێنـــا . گۆران گشت سووچێکی ژیانی سیاســـی‌و ئـابووری‌و کومەلاّیەتـــی گرتـــەوە کـــە هیـــچ کامیـــان لـــەگەڵ مەرامەکانی ئەمەریکا کۆك نـــەبـوون . لـــە رووی سیاسی‌یەوە پەیرەوی سیستەمی سۆشیالیستی کـــراو پەیوەندی توندو توڵ لەگەڵ وولاّتـــانی سۆشیالیســـت بەسترا . لە رووی ئابووریشەوە هەرچـــی کـــارگەو کۆمپانیای گەورە سەرمایەداران هەبوو کرانە موڵکـی دەوڵەت ، گشت بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمەریکا خۆماڵی کران‌و هیچ بژاردنێکیان بۆ نـــەکـــرا . رۆژ بـــەرۆژ سنووری موڵکداری تایبەتی تەسك دەبۆوەو شیلی لـــە پاشکۆیەتی بێگانە خۆی دەدزی‌یەوە .

## کۆمپانیای ITT

ITT کورت‌کراوەی رستەی کۆمپانیای ( تەلەفۆن و تەلەگرافی نێودەوڵەتی ) یە .
ئەم کۆمپانیایە هەتا بلێی مەزن‌و بالاّدەست بـــوو ، زیاتر لە نیو ملیۆن کرێکارو فەرمانبەری هـــەبـــوو . خاوەنی تۆریکی گەورەی تەلـــەفۆنی‌یـــە بـــە دەوری

جیهاندا ، خاوەنی ئوتێل و بازارێکی وەها خۆش‌و سەرسوورهێنەرە بە جۆرێك شت نیە لەوێدا نەفرۆشرێ هەر لە ئوتۆمبێلەوە تا سوراوی لێو .
گەلێك لە کۆنە سەرەك وەزیرەکان‌و بەرێوبەرە کۆنەکانی CIA و لێپرسراوە بەرزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی کورسی بەرزی ئەم کۆمپانیایە بوون .
کاریگەری‌یەکی سیاسی بالآی لە واشنتۆن هەبوو ، پەیوەندی توندوتۆلی بە وەزیری دەرەوەی ئەوسا هنری کیسنجەرەوە هەبووە .
چرنووکەکانی ئەم کۆمپانیایە دەگەیشتە گشت سووچێك ، لە هەر کات‌و شوێنیکدا ئارەزووی بکردایە دەستی دەوەشاند .
گۆڤاری (( نوفیل ئۆبزێرفاتور ))ی فەرەنسی لە ژمارەی رۆژی ٨ی ئایاری ١٩٧٢ بە چاکی وەسفی ئەم کۆمپانیانە دەکات‌و دەڵێ :- (( هێزو دەسەلآتی کۆمپانیای ITT لە ئاستێکدایە دەتوانێت تەواوی دەزگای داد لە وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکرێت . ئەمە شتێکی سەرسامکەر نیە چونکە کۆمپانیاکە پەیوەندی بەتینی بە حکومەتی فیدراڵی‌و CIA و دەزگای فیدراڵی‌یەوە هەیە بەرامبەر ئەوە خزمەتی هونەری‌و زانیاری گرنگیان پێشکەش دەکات . هەروەها بەشی زۆری فەرمانبەرانی کۆمپانیاکە بریتین لە کۆنە دبلۆماسی‌یەکان‌و گەورە پیاوانی

بانك‌و هه‌ندێ لێپرسراوی گه‌وره‌ی CIA . به‌ واتایه‌كی تر لایه‌نێكی گه‌وره‌ی فه‌رمانبه‌رانی ئه‌م كۆمپانیایه‌ توانای گه‌یشتنیان به‌ مه‌ركه‌زی بریاردان له‌ ئه‌مه‌ریكا هه‌یه‌ )) .
ئه‌م كۆمپانیایه‌ تا ئه‌و كاته‌ی ئه‌لێندی كورسی حوكمی گرته‌ده‌ست نزیكه‌ی ٤٠ساڵ بوو له‌ شیلی كاری ده‌كردو پاره‌یه‌كی زۆری له‌م وولاته‌ خستبووه‌ نیشه‌وه‌و قازانجێكی بێشوماری ده‌ستكه‌وتبوو .
بێگومان هاتنه‌ سه‌ركاری سیسته‌مێكی له‌و شێوه‌یه‌ی ئه‌لێندی ده‌ست وه‌شانێكی توندە له‌ به‌رژه‌وه‌ندی ئابووری ئه‌م كۆمپانیانه‌ .
گومان له‌وه‌دا نیه‌ ئه‌مه‌ریكا له‌به‌ر خاتری گه‌وره‌ سه‌رمایه‌دارانی ناتوانێت هه‌روا ده‌سته‌وه‌ستان بوه‌ستێ‌و هیچ نه‌كات . كلك گر ئه‌دات ، ئاژاوه‌ ئه‌ناته‌وه‌ تا به‌ هه‌ر حاڵێك بێت بگه‌نه‌ ئه‌وه‌ی ئه‌یانه‌وێ ، تا (كوبا) یه‌كی تر له‌ ئه‌مه‌ریكای لاتین نه‌خولقێ‌و هه‌تا زووه‌و دوژمنه‌كه‌یان كۆرپه‌یه‌ بیخنكێنن وله‌ ناوی‌بده‌ن .
ته‌قه‌للاكانی CIA و ئه‌لقه‌ له‌گوێكانی به‌ دوو قۆناغ تێپه‌ری :
أ.ئاژاوه‌ی ئابووری ( سه‌پاندنی ئابلووقه‌ی ئابووری)
ئه‌م خاڵه‌ دوو هه‌نگاو ده‌گرێته‌وه‌ یه‌كه‌میان بریتی‌یه‌ له‌ قه‌رز پێنه‌دان له‌لایه‌ن بانق‌و كۆمپانیاكانه‌وه‌ .
له‌ ٢١ی ئۆكتوبه‌ری ١٩٧١ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی

ئەوسای ئەمریکا کۆبوونەوەیەکی بەو شەش کۆمپانیا مۆنۆپۆلانە کرد کە لقیان لە شیلی هەیە ، ئاگاداری کردن کە چیتر نابێت هیچ جۆرە قەرزو یارمەتی‌یەك بدرێتە شیلی . ئەوەبوو قەرزپێدان لە ٢٢٠ ملیون دۆلارەوە دابەزی‌یە سەر ٣٠ ملیون دۆلار .

دووەمیان بریتی‌یە لە ئابلۆوقەی ئابووری .

شیلی بە پلەی یەکەم متمانەی لەسەر ناردنە دەرەوەی مسە . ئەمریکاش گەمارۆی خستە سەر ناردنە دەرەوەی مس تا باری ئابووری تێکبچێو سەرەنجام چۆکی پی دابدەن .

ب. کودەتای سەربازی ( لە دواییدا باسی لێ‌دەکەین)·

لە ئۆکتوبەری ١٩٧٠ لیپرسراوێکی گەورەی کۆمپانیای ITT بەناوی ( ولیەم میریام ) لە راپۆرتێکدا بۆ بەڕێوەبەری CIA دەڵێ :- (( تا ئێستا خەریکی گەڕانین بە دوای کەسانێکی ناو هێزە چەکدارەکان تا یاخی‌بوونێکی چەکداری سازبدەن ، کەچی هیچ سەرکەوتنێکمان بەدەست نەهێناوە )) .

ئەو پلانەی CIA بو هەڵتەکاندنی کورسی حوکمەکەی سلفادۆر ئەلێندی دایرشتبوو ناویان نابوو (( پلانی سنتاورۆ )) . بەگوێرەی ئەم پلانە سەرەتا دەبێت ئاژاوەی ئابووری بنرێتەوە ، ئنجا

پاڵپشتی کردنی ئەو خۆپیشـــاندان‌و یاخی‌بووناتـــەی دژی حکومەت دەکرێت ، لە دواهەنگاویشـــــدا بـــە پشتیوانی سوپا کودەتایەکی سەربـــازی لـــەدایـك دەبێت.

بێگومان لەو ماوەیەی خەریکی فشاری ئـــابووری بوون وەنەبێت دەســـت بـــەرداری کـــاری تـــیرۆر بووبێتن ، بەڵکو هەرچی سەرمایەدارو نـــەیـــاری سلفادۆر ئەلێندی هەبوو دەستیان نایە ناو دەســـتی یەك‌و لوولەی تفەنگیان نابووە سەرسنگی حوکمـــە ساواکەی شیلی . ڕێکخراوێك بە ناوی (( نیشتمان‌و ئازادی )) هەبوو چەندین جار هێرشی سەربازی‌یان دەکردە سەر کۆشکی سەرۆکایـــەتـــی ، چـــەندیـــن خۆپیشاندان‌و یاخی بوونی چەکدارانەیان سازدابوو، پەلاماری جێگرەکەی ئەلێندی‌یان داو کوشتیان .

سەیر ئەوەیە ڕۆژیك بـــەرلـــە کـــودەتاکـــە CIA فەرمانی بە بەکری‌گیراوەکانی‌دا هـــەرچـــی هێڵـــی کارەبا هەیە لەت‌و پەتی بکەن .

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە شیلی بنکـــەی دارشـــتنی نەخشەو پلانی کودەتاکە بوو . ئەو کۆمەڵەیەی ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتبوو ناونرابوون "" کۆمەلەی کودەتا "" . کارمەندانی ئەم کومەڵەیە بریتی بـــوون لە شارەزایانی CIA لە بەرگی دبلۆماسی دا ، لـــە نێویـــاندا پســـپۆری وەهـــای تێدابـــوو خـــاوەنی ئەزموونێکی دوورو درێژی کاری کودەتایی بـــوو .

بەم جۆرە CIA سەعاتی سفری دیاری کرد ، ئەو سەعاتەی تەواوی هێزە نەیارەکانی ناو سوپاو پنتاگۆن و CIA ڕووەو شیلی ملیان گرتەبەر.
ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٧٣ بە ڕۆژی کودەتاکە دەست نیشان کرا ، یەك ڕۆژ پێش ئەم مێژووە چی ڕوویدا ؟

١. فەرمانی ئامادەباشی تەواو بۆ هێزی ئاسمانی ئەمەریکا دەرچوو ، زیاتر لە ٢٠٠ فڕۆکەوانی لێهاتوو چوونە ناو خاکی شیلییەوە .
٢. چەند کەشتییەکی جەنگی ئەمەریکی بەرەو شیلی ملی ڕێیان گرتەبەر .
٣. ٢٤ سەعات بەر لە کو دەتاکە کۆبوونەوەیەکی خێراو بەپەلە لە ئەمەریکا بە بەشداری نوێنەرانی CIA و کۆمپانیای ITT و باڵیۆزی ئەمەریکی لە شیلی سازدرا . باڵیۆزی ناوبراو هەر لەگەڵ تەواوبوونی کۆبوونەوەکە بەزوویی گەڕایەوە بۆ شیلی تا گڵۆپی سەوز بۆ کودەتاچییەکان هەڵبکات.

## ڕۆژی کودەتا خوێناوی یەکەی ١١ی ئەیلولی ١٩٧٣

لەم ڕۆژەدا سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی شیلی ( نۆکستو بینۆشیت ) لەگەڵ کۆمەڵە نەفسەرێکی تری سوپا بە جیاوازی پلەو پایەیانەوە بەیارمەتی تەواوی سوپای ئەمەریکا قۆڵیان لێهەڵماڵی تا ڕژێمی ئەلیێندی لە ڕەگ وریشەوە هەڵتەکێنن .

سەعات ٦،٢٠ سەر لە بەیانی بوو ئەلیێندی هەواڵی خۆئامادەکردنی سوپای پێگەیشت . دەستبەجێ خۆیو نزیکەی ٤٠ کەس بە چەك و تفاقەوە ڕووەو کۆشکی سەرکردایەتی چوون . لە ڕێگەی ڕادیۆوە بانگەوازێکی ئاراستەی گەلی شیلی کردو سووربوونی خۆی لەسەر بەرگری کردن تا مردن دەربری .

سەعات ٨،١٥ جەنەراڵەکان بە بڵندگو داوای خۆ بەدەستەوەدانو پاشان ناردنە دەرەوەی ئەلیێندییان کرد . ئەلیێندیش ئەم داوایەی ڕەت کردەوە .

سەعات ٩،١٥ دوای ئەوەی چوار دەوری کۆشکی سەرکردایەتی بە سوپاو تانك و زرێپوش تەنرا بوو تەقە دەستی پێکرد ، لە ئاسمانیشەوە فڕۆکەو هەلیکۆپتەر بۆردومانی چڕی کوشکەکەیان دەکرد .

بەرەنگاریش هەر بەردەوام بوو نەیان هێشت بستێك بێنە پێشەوە .
سەعات دووی پاش نیوەرۆ هێزێکی جەنەراڵەکان توانییان دزە بکەنە ناو کۆشك و شەری دەستەو یەخە روویدا .
لەگەرمەی شەرو بەرەنگاری بوونەوەدا گوللەیەك سکی سلفادۆر ئەلێندی سمی ، بەلاَم بە خۆدانە سەر کورسییەك هەر بەردەوام بوو لەسەر تەقەکردن و بەرگری تا گوللەیەکی تر سنگی کون کردو ئیتر کەوت و مرد .
هاورێیانی ئەلێندی ئەوانەی لە ناو کۆشکەکەدا مابوون خۆیان نەدایە دەستەوەو شەری مان و نەمانیان کرد تا سەعات گەیشتە چواری ئیوارەو هەموویان کوژران .
باڵەخانەی کۆشکی سەرکردایەتی وەها سووتاو کاول کرا بەکەڵکی ئەوە نەهات جارێکی تر چاك بکرێتەوە و جوکمرانی تێدا بکرێ .
جگە لەناو کۆشکی سەرکردایەتی شەرو پێکادان لە شوێنەکانی تری شیلی لەمە توندتر بوو . لەناو سوپا لایەنگرانی ئەلێندی بەرگرییەکی بێوێنەیان کرد ، بەلاَم نابەرامبەری هێزەکان ئەنجامی بەلای جەنەراڵەکاندا شکاند .
لە قوتابخانەو زانکۆو کارگەکان بەلێشاو خوێنی لایەنگرانی ئەلێندی رژێنرا .

بەکورتی دەرئەنجامی کودەتا خوێناوییە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

زیاتر لە ١٥ هەزار کوژراو ، ئەشکەنجەدانی دەیان هەزار کەس ، ٣٠ هەزار گیراو ، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسیش لەسەر کار لابران .

# بابەتی سێهەم

## CIAو رووخاندنی حکومەتەکەی موسەدیق لە ئێران

لە رۆژی ٢٥ی تەمموزی ١٩٥٢ گەلی ئـــێران لـــە رێگەی ریفراندۆمێکەوە دکتۆر موسەدیقی سەرخستە سەر کورسی حوکمرانی ، چونکە نـــاوبراو خـــاوەن رابردویەکی پاكو پیاوێکی نیشتمانپـــەروەر بـــوو . ئێرانیە دڵسۆزەکان بە هەموو رێبازێکیانەوە چ ئایینی چ شیوعی کەوتنە دوای موسەدیق .
ئەویش لە ناوەوەی ئیران دەستی کرد بـــە گۆرینـــی یاسا رزیـــوەکـــانی پێشـــوو ، گەلێـــك گۆرانکـــاری پێشکەوتنخوازانەی هێنایە گۆری کە سەرتـــاپـــا لـــە سوودی گەلی ئێراندا بوو ، لە هەموویان گرنگتـــر یاسای خۆماڵی کردنی نەوت بوو کە زەبرێکی کوشندە بوو ئاراستەی کۆمپانیا ئینگلیزیو ئەمەریکییەکـــان کرا . ئەم یاسایە کاربەدەستانی لەندەنو واشـــنتۆنی شێتو هار کـــرد . لـــە ســـەرەتـــا رێـــگا چـارەی دبلۆماسییان گرتەبەر تا موسەدیق ناچار بکەن لـــــە بریارەکەی پاشگەزبێتەوە ، بەلام بێســـوود بـــوو . ئیتر لەوەبەدوا رێـــگەی ئـــاژاوەنانـــەوەو نـــاکۆکی خستنەوەیان پەسەند کرد . تەواوی ئـــەو نـــەخشـــە

ئێكدرانەیە لەلایەن بەڕێوبەری ئەوسای CIA ئەلن دالاسەوە كێشرا بوو ، یەكێكی تریش بە ناوی ( كیم رۆزفلت ) كرایە سەرپەرشتیكەری جێبەجێكردن .
لەوكاتەدا حیزبە سیاسییەكانی گەلی ئێران دووچاری لێكبلاوی و گوێلەیەك نەگرتن ببوون . هەر بۆیە ئەم دیاردە ترسناكە بووە خاڵێكی لاوازی ناو حوكمە نوێیەكەی ئێران .
CIA یش توانی ئەم خاڵە بقۆزیتەوەو بە چاكی دەركی بەو راستییە كردبوو كە هەوڵی لادانی موسەدیق هەندە ناردق رشتنو خۆماندوو كردنی ناوێت .
ئەوەبوو لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣ دوو كەتیبەی سەربازی بە سەرۆكایەتی جەنەراڵ زاهدی توانیان نیستگەی رادیۆ بگرنو ماڵی دكتۆر موسەدیق نابلووقە بدەن پاشان دەستگیری بكەن . لەلایەكی تریشەوە توانیان بە دابەش كردنی ( ٣٩٠٠٠٠ ) دۆلار هەندێ ئەڵقە لەگوێو بەدرەوشت بكرن تا ببن بە لایەنگری میللی سەر جادەكانو وێنەی شا هەڵبگرنو بەرزی بكەنەوە ، ئنجا پەلاماری نووسینگەی رۆژنامە نیشتمانییەكان بدەنو بیسوتێنن .
جەماوەر سەریان سوورما لەو بە ئاسانی داگیركردنەوەیەی تاران چونكە دوو رۆژ پێش ئەم

پلانەی ( CIA ) جەماوەری دڵسۆزی ئێران پەیکەری شای ئێرانیان رووخاند .
بەم جۆرە CIA ) توانی بە ئاسانی حکومەتی نیشتمانی موسەدیق لابەرێو شای هەڵاتوو لە پەناگەکەی لە رۆما سەرقیت بکاتەوەو جارێکی تر تاجی شاهەنشاهی بخاتەوە سەرسەری .

# بابەتی چوارەم

## ڕۆڵی CIA لە دەستکێشانەوەی حکومەتی کرێکاری ئوسترالیا

دەمێك بوو ئەمەریکا خاوەنی بنکەیەکی جاسوسی گرنگ بوو لە ناو خاکی ئوسترالیا بە ناوی بنکەی ( بینی جاب ) کە تێیدا ٢٥٠ ئەمەریکی کاریان دەکرد ، تاقە ئەرکیان بریتی بوو لە چاودێری کردنی جموجۆڵی سەربازیو کۆکودنەوەی زانیاری لەسەر مانگە دەستکردەکانی یەکێتی سوفیەت .

لە ساڵی ١٩٧٥ حکومەتێکی کرێکاری لە ئوستراليا بە سەرۆکایەتی ( هۆتیلام ) جڵەوی حوکمی بەدەستەوە بوو . هەندێ لە رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی ئەم حکومەتە ببووە مایەی جارس بوونی ئەمەریکاو بە مەترسی سەر ئاسایشی خۆی دەزانی ، لەوانە بەستنی پەیوەندی توند بە وولاتە سۆشیالیستەکانەوە . لە هەموو ئەمانە ترسناکتر بە لای ئەمەریکاوە ئەوەبوو لە زۆر بۆنەدا سەرەك وەزیری ئوسترالیا نوێ نەکردنەوەی بەکرێدانی بنکەی ( بینی جاب )ی ئەمەریکی دووپات دەکردەوە ، کە بریار وابوو لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ماوەی بەکرێ دانەکە کۆتایی بێت .

ئەم جموجۆڵە چەپڕەوی‌یانەی ناو سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ( هۆتیلام ) CIA تووشی دڵەڕاوکی کرد ، هەر بۆیە هانی‌دا تا لە پشتی پەردەوە کار بکات بۆ دەستکێشانەوەی ئەم حکومەتە . بۆ ئەم مەبەستە پیاوانی CIA لە ڕێگەی نەخشەیەکی ڕێکوپێك و داڕێژراوەوە بە هاوکاری دەزگای جاسوسی ئوسترالیا فشاریان بۆ حاکمی گشتی ئوسترالیا هێنا .

ئەمیش لە ڕێگەی خۆیەوە سەرەك وەزیر (هۆتیلام)ی ناچار کرد دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە بە بیانووی ئەوەی نەیتوانیوە ئوسترالیا لە قەیرانی ئابووری ڕزگار بکات .

# بابەتی پێنجەم

## خستنە خوارەوەی فڕۆکەی $U_2$

گەورە زانایانی فڕۆکە دروستکردن جۆرێکی تایبەتی فڕۆکەیان دروست کردبوو کە تەنها بۆ مەبەستی سیخوری‌و چاودێری کردن بەکار دەهێنرا ناویان لێنابوو $U_2$ .

ئەم فڕۆکەیە لە ساڵی ١٩٥٦ بەدواوە لە ئاسمانی یەکێتی سۆفیەت دەخولایەوە بێئەوەی دژە ئاسمانی‌یەکان بتوانن پەی پێبەرن . لە ماوەی چوار ساڵدا توانیان زانیاری‌یەکی زۆر لەبارەی گشت بوارێکی چەکسازی روسیاوە بەدەست بهێنن . بەلام لە رۆژی ١ ی ئایاری ١٩٦٠ یەکێك لەم فڕۆکانە لە ئاسمانی یەکێتی سۆفیەت خرایە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەشی بە ناوی ( باورز ) بەدیل گیرا .

خرۆشۆف لە ٥ ی ئایار بە زمانی خۆی هەواڵی خستنە خوارەوەی فڕۆکەکەی بلاوکردەوە .

ئەم کارە بووە هۆی تەنینەوەی پشێوی‌و ئاڵۆزی‌یەکی تەواو لەنێو دەزگا بەرزەکانی واشنتۆن‌دا .

حکومەتی ئەمەریکا لە سەرەتادا سوور بوو لە سەر ئەوەی فڕۆکەکە بۆ توێژینەوەی کەش‌و هەوا

تەرخان کراوە ، وە لە ئەنجامی تێکچوونی جیـــهازی ئۆکسجین فرۆکەوانەکە رێی لێوون بووە . بـــەلام دوای ئەوەیخرۆشۆف رایـــگەیـاند کــە فرۆکـــەو فرۆکەوانەکە وان لە ژێر دەستیان ، ئەوسا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دانـــی بـــەوەدانـــا کـــە گەشـــتی فرۆکەکە بۆ سیخوری بووە بەلام بێپرس هەڵفریوە .
پاش دوو رۆژ ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەمریکا خـــۆی بە بەرپرسیاری پرۆگرامی فرۆکەی $U_2$ داناو رژدیش بوو لەسەر بەردەوام بوونی گەشتی فرۆکەی ناوبراو لەسەر ئاسمانی یەکێتی سۆفیەت . خرۆشـــوف لـــەم قســـانە زۆر زویـــر بـــوو و هـــەڵچـــــوو ، داوای لە ئایزنهاوەر کرد هەتا زووە داوای لێبووردن بکات و لە قسەکانی پەشیمان بێتەوە .
ئیتر لەوە بەدوا لە واشنتۆن فەرمان درا چیتر نـــابێت فرۆکـــەی ســـیخوری بـــە ئاســـمانی ســـۆفیەتـــیدا بسووڕێتەوە .

## خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی مەدەنی کۆریای باشوور

CIA بۆ چاودێریو دۆزینەوەی نهێنی چـــەکســـازی سۆفیەتی گشت شێوازو رێگەیەکی دەگرتەبەر . لـــە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٣ روویدا .

فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگری مەدەنی کۆریای باشـوور لــەو کاتــەی بــەســەر دورگەی ( ســـاخالین )ی سۆفیەتیدا تێپەر دەبێت لە لایەن فرۆکەشکێنەکـــانی سۆفیەتەوە تەقەی لێکراو خرایە خوارەوە ، هەمـــوو سەرنشینەکانی تێدا چوون و مردن . بەڵام بـــۆچـــی تەقە لەم فرۆکە مەدەنییە کرا ؟ لە وەڵامدا دەڵێیـــن چونکە CIA بەبێ ئاگادارکردنەوەی حکومەتی کوریاو سەرنشینەکان ئامێری چـــاودێری ( آلـــة المراقبـــة ) بەستبووە جەستەی فرۆکەکەوە ، کە سەرەنجام ئـــەم کارەساتە دڵتەزێنەی بەدوادا هات .

# بابەتی شەشەم

## کوردو دەزگای CIA

بوونی ئەمەریکاو دام و دەزگاکانی لە هەر کون و قوژبنێکی ئەم جیهانە بە کوردستانیشەوە دەرئەنجامی بەسترانی بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌و ئەمنی‌یەکانیەتی بەو شوێنەوە . هیچ کاتێك مافی مرۆڤ و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و چینایەتی لە لای ئەمەریکا نابنە فاکتەرێك تا هانی خۆهاویشتنە ناو جێگەیەکی بدات ، تەنها وەك بیانوویەك بەکاریان دەهێنی بۆ دەست خستنە ناو کاروباری وولاتانەوە .
هەر کە گەیشتە مەرامەکەی ئیتر ئەو دروشمە بریقەدارانە هەمووی دەچنە ، خانەی لەبیرچوونەوەو ، سەفقە ئابووری‌یەکانیش جێگەی گشت بەها مرۆڤایەتی‌یەکان دەگرێتەوە .
گەلی کوردمان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان‌دا تا کۆتایی هاتنی شەری دووەمی کەنداو کەمتر مامەڵەی ئەمریکایان کردبوو ، ئەوەی کردبووشیان زیاتر ناراستەوخۆ بوو .
لە کاتی کۆماری مهابادا شای ئێران دەستی نایە بیناقاقای ئەم کۆمارە ساوایەو خنکاندیان دوای ئەوەی یەکێتی سۆفیەت بۆ تەماعی مشتێك نەوتی

نێران گورگان خواردیانی کرد . ئینگلیزو ئەمەریکاش لەولاوە موبارەکبایی‌یان لە شا دەکرد بەو بیانووەی گوایە کۆمارەکە بۆنی شیوعیەتی لێ‌دێ .
ئەگەر جاران گەلی کورد باسی دووروویی‌و بەرژەوەندپەرستی ئەمریکایان تەنها لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە گوێ لێبووبێ ، ئەوا ئێستا لە نزیکی نزیکەوە ئەم موناففیەی ئەمریکایان بەرجەستە کرد .
لێرەدا دەمەوێ لە رێگەی دوو بەڵگەنامەوە مامەڵەی دەزگای CIA لەگەڵ مستەفا بارزانی بە نموونە بهێنمەوە :-
پەیوەندی CIA بە شەری یەك ساڵەوە (١٩٧٤-١٩٧٥ ) لە راپۆرتە نهێنی‌یەکەی (بایك) کە پێشکەش یەکێك لە کۆمیتەکانی کۆنگرسی ئەمەریکی کردووە دەردەکەوێ . پەیوەندی‌یەکە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ ئەو کاتەی شای ئێران داوای لە سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا ((ریتشارد نیکسۆن ))و هنری کیسنجەری وەزیری دەرەوە کرد کە بێنە پاڵی بۆیارمەتی‌دانی کوردەکان .
ئەمانیش لە ئایاری ١٩٧٢ لە کاتی سەردانەکەیاندا بۆ ئێران رەزامەندی‌یان لەسەر داواکەی شای ئێران دەربری .
لە راپۆرتەکەی (بایك)دا هاتووە : (( هیچ کام لە شاو نیکسۆن و کیسنجەر سەرکەوتنی بارزانی‌یان

نەنەویست بەڵکو تەنها بەفیرۆچوونی سامان و داهاتی عێراقیان دەویست )) .
راپۆرتەکە لەسەری دەرواو دەڵێ :- (( ئەم سیاسەتە بۆ بارزانی باس نەکراوە بەڵکو تەنها هان دراوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر جەنگ )) .
شتێکی زۆر سەیرلەراپۆرتەکەهاتووە دەڵێ :-
(( سەیرە سەرەرای هاندانی بارزانی بۆ بەردەوام بوون لەسەر جەنگ تا وولات بە نائارامیو شێواوی بمێنێتەوە ، کەچی لە بۆنەیەکدا ئەمریکا هانی جڵەوکردنی یاخیبووان - واتە کوردەکان - دەدا . وە قەدەغەکردنیان لە هەڵسان بە چالاکی سەربازی گەورە کاتێك ئەگەری سەرکەوتنیان نزیك دەبێتەوە چونکە ئەو رووداوانە کاریگەری بۆ سەر وولاتی دراوسێ - واتە ئێران - دەبێتن )) .
لە راپۆرتێکی تر کە سەرۆکی CIA لە ئێران بۆ واشنتۆنی ناردووە دەڵێ :- (( زۆربەی سەرکردە کوردەکان نەیان دەزانی ئێمە بۆیە یارمەتی نهێنی سەربازی مان کردن تا رووی ئاراستەی عێراق لە ئیسرائیل وەرگێرین )) .
لە کوتایی ساڵی ١٩٧٧ لە کەنەدا کتێبێك بە زمانی ئینگلیزی دەرچوو تێیدا لە پەیوەندی نێوان بارزانیو CIA دەدوا . لە لاپەرە ٢٦٩دا هاتووە:- (( هەر لە ساڵی ١٩٧٢ ەوە بارزانی هەوڵیدا لە رێگەی

ئەو کارمەندانەی CIA دیەوە کە لە ناوچەکە کاریان دەکرد پارمەتی لە حکومەتی وولاتە یەکگرتووەکـــان وەربگریت .

CIA دەیزانی دەکریت کوردەکان بکرینە درکیکی تیژ لە جەستەی رژیمی حوکم لە بەغـــدا ، هــەر بۆیــە زۆریان لە وولاتەکەیان کرد تـــا دەســتگیرۆیی یـــان بکات )) .

ئاشکرایە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ هێزەکانی میسر توانییان لە ماوەیەکی زور کورتدا هێلـــی بـــەرگری ((بارلیف))ی ئیسرائیل بشـــکینن و نیمچـــە دورگەی سینا بگرنەوە . ئیسرائیل بەرامبەر ئەم هەلومەرجـە نوێیە زۆر سەغلەت بوو . بە بروای خۆیان کـــورد یەکێکە لەو توولە رێیانەی دەکریت لیـــوەی فشـــار بخەنە سەر هێزی عـــــەرەب و پیـــایدا دەربـــازبن . ئەوەتا لە کتیبەکەدا هاتووە :-

(( ئیسرائیلییەکان لــــە کـــاتی شـــەری نۆکتۆبـــەری ١٩٧٣ داوایان لە بارزانی کـــرد پـــەلاماری چالـــە نەوتەکانی عێراق بدات ، چونکە ئەوساکە حکومەتـــی بەغدا تیپە زرێپۆشەکـــانی نـــاردبووە ســـوریا بـــۆ بەشداری کردن لە شەری جۆلان . ئیسرائیلییەکـــان لەو بیرەدا بوون هێرشکردنە سەر چالە نەوتەکـــان وازهێنانی سوپای عێراق لە شەری جـــۆلان زامـــن دەکات )) .

نووسەری کتێبەکە لە سەری دەرواو دەڵێ :-

(( لێرەدا هنری کیسنجەر خۆی تێهەڵقورتاند ، لە شانزەی نۆکتۆبەر نەیهێشت مەلای بارزانی هیچ کارێك بکات چونکە تانکەکانی جەنەراڵ شارۆن توانی لە نۆکەندی سوێس بپەرنەوەو گەمارۆی سوپای میسری بدەن )) .

نووسەری کتێبەکە هەڵوێستەکەی کیسنجەر بەم جۆرە لێك دەداتەوە :- (( واشنتۆن لەوە دەترسا سەرکەوتنێکی لەو جۆرە - واتە کوردەکان - پاڵ بە کەمینە کوردەکانی ئێران و تورکیاوە دەنێت بەرەو یاخی بوون ، ئەم دوو وولاتەش هاوپەیمانی ئەمەریکان و نابێ بەر مەترسی بکەون )) .
با بێینەوە سەر راپۆرتەکەی ( بایك ) کە لە کۆتاییدا بەراشکاوی دەڵێ :-

(( سیاسەتمان بەرامبەر کوردەکان زۆر بێرەووشتانە بوو ، نەیارمەتیمان دان ، نەلێیان گەراین تا کێشەکەیان بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەر بکەن .
تەنها هانماندانو پاشانیش بەرەڵلامان کردن )) .

ئەوەی ماوە بیڵێین ئەوەیە ئەو برە چەکەی کە بـــایی ۲٥ ملیۆن دۆلار بــــوو بریـــار وابـــوو CIA بــۆ کوردەکانی بنێرێ ، بەهۆی رێکەوتننامەی جەزائرەوە لای خۆی گلی دایەوە ، پاشـــــان لــــە ســـالی ١٩٧٦ رەوانەی لوبنانی کرد تا ئـــاگری شـــەری نـــاوخۆی عەرەب بەعەرەب گەرمتر بکات .

## بابەتی حەوتەم

# CIA پیاوکوژەکانی خۆشی دەکوژێت

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ ئەوەبوو لە رۆخی رووبلاری ((میامی)) بەرمیلێکی نەوت دۆزرایەوە ، لە ناویدا لاشەی کابرایەکی کوژراوی بە زنجیر بەستراوی تێدابوو ، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت لاشەی (( جۆن رۆزیلی )) یە . ناوبراو یەکێك بوو لە چەتەکانی مافیا ، لە پاشان بووە بەکرێگیراوی CIA. لە ساڵی ١٩٦١ یەکێك بوو لەوانەی کوشتنی کاسترۆی پێسپێردرا بوو .

لە خانوویەکی بچووکی شیکاگۆشدا کابرایەکی تر بە ناوی (( سام مومو )) بە کوژراوی دۆزرایەوە کە ئەمیش هاوەڵی رۆزیلی بوو ، پێکەوە نۆکەری CIA بوون ، هەر پێشکەوە راهێنرابوون بۆ کوشتنی کاسترۆ . بەڵام دوای ئەوەی لە هەوڵەکەیان شکستیان هێناو هەموو خەڵکی ئەمریکاو رۆژنامەنووسەکان بە مەسەلەکەیان زانی بەم دەردە بران . بەڵام سەیر لەوە دایە لە کاتێکدا هەردووکیان دیارو ئاشکرا پیاوی CIA بوون کەچی پۆلیس ووتوویەتی :- (( ئەمە حیسابی کۆنی ناو خۆیانە ، یەکتری قەلاچۆ ئەکەن )) .

بەلاّم ئەوەی لای خەلّکی روونە ئەوەیە CIA هەر کە ئیشتی بە نۆکەرەکانی نەما یان کە ناویان زراو نهێنییان ئاشکرا بوو ، یان کە هەست بەوە کرا جێی گومانن و لەوانەیە شت بدرکێنن ، ئیتر نەکەونە کلك وگوێکردنیان و یەکە یەکە لەناویان ئەبەن و نۆکەری تازە بابەت دێننە شوێنیان .

# بابەتی هەشتەم

## ئیستگە نهێنییەکان

رادیۆ ئامرازێکی گرنگی تر بوو CIA بۆ جێبەجێ کردنی وویستەکانی توانی بە چاکی بیقۆزێتەوە .
رۆژهەلاتو رۆژئاوا رۆژانە بۆ ماوەی چەندین سەعات بەرنامەی پروپاگەندەیان دژ بەیەك بلاودەکردەوە تا سەرنجی گوێگر بۆ خۆیان رابکێشن.
CIA ژمارەیەك ئیستگەی دژی حکومەتی ئەو وولاتانە خستبووەگەر کە لەگەل خواستو ئارەزوویاندا نەئەگونجان ، بەلام لە هەموویان بەناوبانگتر دوانیان بوو :
١. رادیۆی ئازادی
٢. رادیۆی ئەوروپای ئازاد .
رادیۆی ئازادی : ئەم رادیۆیە بە تەنها ئاراستەی یەکێتی سۆفیەت کرابوو . رۆژی ٢٤ سەعات کاری دەکرد ، ژمارەی فەرمانبەرەکانی ١٢٠٠ کەس بوو .
ئامانجی رادیۆکە نانەوەی ئاژاوەو پشێوی بوو .
یەکێك لە گەورە لێپرسراوەکانی رادیۆکە دەیووت :-
(( ئێمە بانگەشەی شۆرش ناکەین ، پێویستە شۆرش لە ناوەوە هەلبگیرسێ . لە کاتی هەلگیرسانیدا . ئێمە بەنزینی بەسەردا ئەکەین )) .

رادیۆی ئەوروپای ئازاد ئەمیان ئاراستەی ئەو وڵاتە ئەوروپاییانە کرابوو کە لە ئاسمانی یەکێتی سۆڤیەتدا دەخولانەوە وەک پۆڵەندە، مەجەر، رۆمانیا، بولغاریا.

دەنگی ئەو ویستگەیە داوای راپەڕینی لە خەڵکی دەکرد تا لە حوکمی شیوعیەت رزگاریان بێت.

لە ماوەی شۆڕشی مەجەردا لە ساڵی ١٩٥٦ رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەم رادیۆیە کرا چونکە بانگەوازی شۆڕشی بۆ خەڵکی مەجەر بڵاو دەکردەوە، کەچی کە تانکەکانی سۆڤیەت هاتن و سەری خەڵکیان پان دەکردەوە ئەمەریکا بەدەنگ نەهات و هیچ هەڵوێستێکی نەبوو.

# بابەتی نۆیەم

## سەرچاوەی زانیاری یەکانی CIA

CIA بو بەدەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە بوارە جیاجیاکانی وولاتان کۆمەڵە سەرچاوەیەك هەیە متمانەیان دەکاتە سەر ، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن :-

١.کۆمپانیاو باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا :-

CIA لە دەرەوەی ئەمەریکا لە دوو قوڵەوە کاردەکات ، قولی یەکەم لە پشت کۆمپانیا بازرگانی‌یەکانەوە . بۆ نموونە لە ساڵانی پەنجاکان لە تایوان کۆمپانیایەك هەبوو ناوی (( کۆمپانیای بەڵێندانی رۆژئاوا – شركة المقاولات الغربية )) ی لە خۆی نابوو. ئەم کۆمپانیایە بە ناوەکەی بۆ مەبەستی نیش کردن دامەزرا بوو ، بەڵام لە راستیدا لقێکی CIA بوو ، مەشقی بە چینی‌یە هەڵاتووەکان دەکرد ، پاشان بە دزی‌یەوە رەوانەی ناو خاکی چینی دەکردن تا شەری پارتیزانی دژ بە شیوعی‌یەکان بکەن.

قۆڵی دووەم باڵیۆزخانەکانی وولاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوە .

لە هەر باڵیۆزخانەیەکی ئەمەریکی بەشێکی تایبەت بۆ نێردراوەکانی CIA تەرخـــان کــراوە ، ئــەم نێردراوانەش سەرۆکێکیان هەیە . شان بە شــانی ئەمەش خەڵکانێك لەو وولاتە بە کری دەگریَ تـــا زانیاری تەواویان بۆ بهێنین .

پیاوانی CIA لە باڵیۆزخانەکان یان لـــە بـــەرگی دبلۆماسی یا ئەوەتا وەکو رۆژنامەنوسێك خۆیـــان دەردەخەن .

٢. ناوخۆی ئەمەریکا :-

CIA لە ناوەوەی ئەمەریکاش بە چەندین شـــێوە خۆی دەمامك داوە . لە هەر جێگەیەکدا خۆی لـــە شێوەی کۆمپانیایەکی کـــارکردن دەردەخـــات وەك کۆمپانیـــای ( دابـــل تشـــیك ) یـــان کۆمپانیـــای ( فانگارد ) ....... هتد .

٣.زانکۆکان :-

CIA بە نهێنیو ژێر بەژێر دەســـتگیرۆیی ئـــەو لێکۆڵینەوانە دەکات کە لـــە زانکۆکـــان ئـــەنجـــام دەدرێت . هەندێ سەنتەری توێژینـــەوە ( مرکـــز دراسات ) هەر لە بنەرەتدا بە پارەی CIA بنیات نراوە ، بۆ نموونە سەنتەری توێژینـــەوەی نێـــو دەوڵەتی لە پەیمانگای ( ماساشونستس ) ، گشـــت توێژینەوەکانی لەسەر داواکاری CIA بـــەرێـــوە

دەبرا ، پاشان هەر بۆخزمەتـــی کاروبـــارەکـــانی CIA بەگر دەخران .

٤. ئاوارەی وولاتە شیوعی‌یەکان :-

CIA زۆر بایەخی بەو ئاوارەو هەلاتووانــە دەدا کە لە دەست سیستەمی شیوعی دەرباز بوونـــە وەك ئاوارە کوبی‌و پولەندی‌یەکان . پارەیـــەکـــی زۆریشیان بۆ ئەم بوارە تەرخان دەکرد .

٥.گەشت کەرە ئەمەریکایی‌یەکان :-

CIAزۆر بە پەرۆشەوە پەیوەندی تونــــد بـــەو ئەمەریکایی‌یانەوە دەبەستێت کە رۆژانـــــە رووەو دەرەوەی ئەمەریکا گەشت دەکەن بـــە تایبـــەتـــی ئەوانەی بەرەو وولاتە شیوعی‌یەکان ملیان دەنا ، تا ببنە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری . زۆر جار بۆ ئەم مەبەستە CIA پیاوانی خۆی بۆ گەشـــت کردن دەناردە دەرەوە .

٦. پارەو ئافرەت :-

ئەم دوو شتە شێوازیکی بـــاوی CIA بـــوو بـــۆ بەدەست هێنانی زانیاری . لە کاتی پێویستدا هەر چەندێکیان سەرف بکردایە گرنـــگ نـــەبـــوو بـــە مەرجێك بگەنە ئامانج .

## کۆتایی هات

# سەرچاوەکان

١. الحكومة الخفية تأليف ديفيد وايز ، توماس روس
٢. شيلي الثورة و الثورة المعتادة تأليف مجدي نصيف
٣. الستراتيجية الامريكية المجلد الثاني اعداد سلمى عدنان محمد
٤. مجلة المجالس الكويتية العدد ٦٠١ في ١٩٨٤/١٢/١٨ .
٥. مجلة الثقافة عدد ٣ اذار ١٩٧٨ .
٦. مجلة الف باء العدد ٧٨١ ايلول ١٩٨٣ .
٧. جريدة الراصد عدد ٤٦١ كانون الاول ١٩٧٨ .
٨. جريدة هاوكارى العدد ٣٥٠ في ١٩٧٧/١/١٢ .
٩. كيسنجر و ادارة الصراع الدولي / امين هويدي .

## پیرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٥ |
| لە دایك بوونی CIA | ٦-٨ |
| پرۆسەی کەنداوی بەرازەکان | ٩-٢٧ |
| CIAورووخاندنی حکومە تی سلفادۆرنە لێندی لە شیلی | ٢٨-٣٧ |
| CIA ورووخاندنی حکومەتەکەی موسەدیق لە ئێران | ٣٨-٤٠ |
| رولی CIA لە دەستکێشانەوەی حکومەتی کرێکاری لە ئوسترالیا | ٤١-٤٢ |
| خستنە خوارەوەی فروکەی $U_2$ | ٤٣-٤٥ |
| کوردو دەزگای CIA | ٤٦-٥١ |
| CIA پیاوکوژەکانی خۆشی دەکوژێت | ٥٢-٥٣ |
| ئیستگە نهێنی یەکان | ٥٤-٥٥ |
| سەرچاوەی زانیاری یەکانی CIA | ٥٠-٥٨ |
| سەرچاوەکان | ٥٩ |

زۆر سوپاسی بۆ پایانی ئەم بەرێزانە ئەکەم کە ئـــە
رکی تەواویان کێشا بۆ لەچاپ دانی کتێبەکە :-
١. خوشکە اسيل العسكرى
٢. تونجەر آوچی
٣. قاسم آوچی

طبع الكتاب في مكتب عبد الوهاب للاستنساخ
والكومبيوتر
كركوك – شارع الاوقاف – فرع مصور سوزان
هـ/ ٢١٠٤٣٤

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد٧٢٨ لسنة ٢٠٠٠

طبعت بموجب موافقة وزارة الثقافة
والاعلام / دار الثقافة والنشر الكردية
( ٤٢ ) في ٢٣ / ١٠ / ٢٠٠٠